# روونكردنەوەیەك لە كۆمپانیای كۆڕەك تیلیكۆم بۆ رای گشتی كوردستانی و عێراقی

لە كاتێكدا كە ئەندازیارو تەكنیكارانی كۆمپانیاكەمان بە هەموو هەوڵ و تواناكانیان بە شەو بە رۆژ كاردەكەن بۆ باشتر كردن و فراوانكردنی تۆڕی پەیوەندییەكان لە كوردستان بۆ خزمەتی جەماوەری گەلەكەمان و بەشدار بووانی ئازیزی تۆڕەكەمان و بە پشت بەستن بە كادیرە خۆمالییەكان بە تایبەتی لەم ماوەیەدا كە بە هۆی باری ئاسایش شارەزای بیانی ناتوانن بۆ عێراق بێن ئەوەش ئەركی كادیرە تەكنیكارەكانمان دوو ئەوەندە زیاد كردەوە. بەلام بە زۆر جار لێرە و لەوێ گوێبیستی چەند هەوالێكی خواستراو و درۆ دەبین كە هەوڵی شێواندنی ناوبانگی ئەو كۆمپانیا كوردستانیە دەدات كە لە ماوەیەكی پێوانەییدا سەركەوتنێكی مەزنی بە دەست هێنا.

وەكو خزمەتێكیش بۆ رای گشتی كوردستانی و عێراقی حەزمان كرد چەند راستیەكی یاسایی و واقیعی روون بكەینەوە:

- لەبەر چی كۆمپانیای ئاسیا و كۆمپانیاكانی تری مۆبایل رێگەی پێنەدرا تۆڕەكانی خۆی بۆ هەولێر و دهۆك درێژ بكات؟

- ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەم شتەمان بۆ چەند جارێك روون كردەوە بەلاّم لەم كاتەدا بە پێویستمان زانی جارێكی تر بۆ ئەو كەسانە دووبارە بكەینەوە كە ئاگاداری نەبوون.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2000 كۆمپانیای كۆڕەك تیلیكۆم داوای مۆڵەتی كرد لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ دانانی سیستەمی GSM ی مۆبایل لە كاتێكدا كە هیچ كۆمپانیایەكی تر ئامادەی جێبەجێ كردنی ئەو پرۆژەیەی نەبوو لە بارێكی ناسەقامیگری ئەو سای كوردستان و باری ئابووری خراپی خەلك و نەبوونی ئاسۆیەكی روون بۆ داهاتوو لە لای هەر سەرمایەگوزارێك بۆ زانیاریش بەر لە دانی مۆلەتی رەسمی بۆ كۆڕەك، حكومەتی هەرێم چەند مۆلەتێكی بە چەند كۆمپانیایەكی تر بەخشی بەلاّم ئەوان لە جێبەجێ كردنی پرۆژەكانیان پاشگەز بوونەوە.

بۆیە زۆر كارێكی ئاسایی بوو كە كۆڕەك داوای ئەوە بكات كە مۆلەتەكە تەنیا بۆ خۆی بێت و بە تەنیا كار بكات بۆ ماوەی 5 سال لەم بارە ناسكەی ئەو سای كوردستان تا كەمترین سنووری قازانج زامن بكات لەو پرۆژە سەختەی كە ئەنجامەكانی دیار نەبوو و سەرمایەیەكی مەزنیشی خستبوەگەڕ.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی بەڕێزیش لە هەولێر دوای لێكۆلێنەوەیەكی تێرو تەسەل بۆ هەموو لایەنەكانی پرۆژەكە، مۆلەتی رەسمی بە كۆمپانیاكەمانی بەخشی بەلاّم چەند مەرجێكی سەپاندە سەر كۆمپانیاكەمان لەوانەش كە نابێ بەهای یەك خولەكی قسەكردن لە مۆبایلەوە بۆ مۆبایل لە 6 سەنت لابدات، هەروەها پێویستە تۆڕی كۆڕەك جگە لە شارو رێگە دەرەكییەكان بۆ شوێنە لادێی و سنووریەكانیش بگات كە لەوانەیە گرنگی نەبێت بۆ كۆڕەك لە لایەنی بازرگانیەوە.

دواتر كۆڕەك پەیوەندی بە چەند كۆمپانیایەكی دروست كردنی مۆبایل كرد كە ئەوكات بە هۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی لەسەر عێراق سەپێنراو بوو بە توندی فرۆشتنی ئامێری پەیوەندییان بۆ ئێمە رەتكردەوە.

دوای چەند هەوڵ و تەقەڵلایەکیش چەند ئامێرێکمان دەست کەوت و تۆڕی مۆبایلمان لە هەولێر دانا لەو بارە زەحمەتەدا.

ئەو کات کۆمپانیای ئامادەکاری پرۆژەکە رازی نەبوو هیچ شارەزایەکی تەکنیکی بنێریت بۆ کوردستان تا یاریدەی دانانی ئامێرەکان بکات پێشمان وایە کە ئەوانەی لەو پرۆژە هاوشێوانە کاردەکەن زۆر باش زەحمەتی ئەم کارە دەزانن.

ئەوەبوو لە 2001/8/16یش توانیمان بۆ یەکەمین جار لە هەولێری پایتەختی هەرێم تۆری مۆبایل کار پێ بکەین و بۆساڵی داهاتووش تۆرەکە گەیشتە پارێزگای دهۆکیش.

دوای نەمانی رژێمی گۆڕبەگۆڕ کراو دامەزراندنی حکومەتێکی عێراقی تازە لە ژێر رابەرایەتی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ئەو کات دان بە هەموو بریارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نرا لە وانەش گرێبەست و مۆڵەتەکانیش چاوەڕوانیش دەکرا کە مۆڵەتەکانی مۆبایلیش دان پێ بنرێت وەك هەموو کۆمپانیاکانی تری عێراق، بەڵام حکومەتی مەرکەزی کەمکردنەوەیەکی بۆ سێ مۆڵەتی تازەی مۆبایل راگەیاند بۆ هەموو عێراق بە کوردستانەوە بەبێ گوێدان بە مافە یاساییە بە دەست هاتووەکانی کۆمپانیاکەمان کە بەر لە دانانی حکومەت بە دەست هاتبوو.

وێڕای ئەم راستییەش هەردوو کۆمپانیای کۆڕەك و سانا شان بە شانی چەند کۆمپانیایەکی عێراقی وبیانی لەم کەمکردنەوەیەدا بەشدار بوون بەڵام نەمان توانی وەکو دوو کۆمپانیای کوردی مۆلەتی حکومەتی عێراقیمان بە دەستبکەوێ لەگەڵ ئەوەی کە نرخەکانمان کەمترین نرخ بوون لە بەر چەند هۆکارێك کە ناتوانین قسەی لەسەر بکەین بەڵام ئەم هۆکارانە زۆر ئاشکرایە بۆ رۆژنامەگەریی جیهانی.

زۆر ئاساییش بوو کە کۆمپانیاکەمان لە خزمەتکردنی بەشدار بووانی ئازیزیدا بەردەوام بێت لە ژێر سێبەری مۆڵەتی یاسایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەك باسمان کرد بۆ ماوەی پێنج ساڵە لە 2001/8/16وەوە دەست پێدەکات.

کۆمپانیای ئاسیاش (کە لە هەر دوو کۆمپانیای (**الوطنیة**)ی کویتی و ئاسیای کوردی پێکهاتووە) کە هەوڵی دا لە ناوچەی داپۆشینی تۆڕی کۆڕەك وێستگەکانیدابنێت دەنگمان بەرەو دادگا گەیاند بۆ پاراستنی مافە بە دەستهاتووەکانمان.

کۆمپانیاکەمان بە شێوەیەکی یاسایی شکایەتێکی لە دژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەرز کردووە لە دادگاکانی هەولێر کە دان بە بریارەکانیان نراوە لە لایەن حکومەتی فیدرال، دادگا بریاری ژمارەی 586 جیاکراو لە 2/ جیاکراو 2004/8/7 دەرهێنا کە تیایدا هاتبووە: نابێت هیچ کۆمپانیایەك لە هەولێرو دهۆك کار بکات تا تەواو بوونی وادەی یاسایی ئەو مۆڵەتەی کە بە کۆڕەك تیلیکۆم دراوە و لە 2006/8/16 تەواو دەبێت.

ئەمەیە هۆی رێگەنەدان بە کۆمپانیای ئاسیا و هەرکۆمپانیایەکی تر کە لە ناوچەکانی تۆڕی کۆڕەك کار بکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی، هەروەها دەمانەوێ ئەوەش روون بکەینەوە کە کۆمپانیای ئاسیا مۆڵەتیکی تایبەتی لە سلێمانی هەیە و وێڕای تەنازولی بە شێوەیەکی زارەکی لەو مۆلەتە لە سلێمانی،

کاتێك کە مۆڵەت بە کۆمپانیای سانا درا شکایەتێکی یاسایی لە دژی وەزارەت بەرز کردەوە و ئاسیاش لە لایەنە پەیوەندارەکانەوە قەرەبۆ کرایەوە.

جگە لەم هەموو کارەش کۆڕەك ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئاسیا بۆ دانانی وێستگەکانی بەستنەوەی سلیمانی و مووسڵ لە ڕێگەی هەولێرەوە بە مایکرۆوەیڤ.

بۆچی هەردوو تۆڕی ئاسیا و کۆڕەك بە یەکتر نابەسترێن؟ بۆ چی بەشدار بووانی ئاسیا و کۆڕەك ناتوانن پەیوەندی بە یەکتر بکەن.

حاڵی حازر ڕاگەیاندن و پەیوەندی لە عێراق لە لایەن (دەستەی ناوەندیی ڕاگەیاندن و گەیاندن) ڕێکدەخرێت NCMC ئەو دەستەیەش دەبێ سەربەست و ناحکومی بێت و سەرپەرشتی هەموو هۆیەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن بکات بە بێ جیاوازی.

دوای دامەزراندنی ئەم دەستەیە ئێمە خۆشحاڵی خۆمان بۆ دانانی دەربڕی چەند جارێکیش پەیوەندیمان پێکردن بۆ ئەوەی متمانە بە مۆلەتەکەمان بدەن، زۆر ئاساییش بوو داوای هەمان مەرجەکانی مۆلەتەکەمان بکەین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پێی بەخشیوین، بەڵام دەستەی ناوبراو مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە مۆڵەتێکی ناتەواو بە چەند مەرجێکی تەعجیزیمان پێ ببەخشێ کە لەگەڵ بڕیارەکانی دادگا و حکوومەت یەك نەگرنەوە و مەقسەدیش زۆر ئاشکرایە لەم کارە ئەویش کارکردنی کۆڕەکە تەنها لە دوو پارێزگا و ڕێگەدان بە کۆمپانیاکانی تر بۆ کار کردن لە ناوچەی کۆڕەك وێڕای شوینەکانی تری عێراق، جا ئەمە چ مونافەسەیەکی عادیلانەیە؟

کە کۆمپانیاکەشمان ناڕەزایی دەربڕی کە لەسەر ئەم مەرجە ناعادیلانە، دەستەی ناوبراو ئەم بڕیارانەی بۆ هەموو کۆمپانیاکانی مۆبایلی عێراق دەرکرد/–

1– قەدەغەکردنی بەستنی تۆڕەکانی هەر کۆمپانیایەك لەوانەش ئاسیا لەگەڵ کۆڕەك، هەروەها قەدەغە کردنی کاری ڕومینگ roaming لەگەڵیدا.

2– سزادانی هەر کۆمپانیایەك کە سەرپێچی ئەم بڕیارە بکات.

ئەمە بووە هۆی نەبوونی پەیوەندی لە نێوان کۆڕەك و ئاسیا و ئەسیر و عراقنا.

جا ئەمەیان چ خزمەتێکی نیشتمانییە و کوا کێبەرکێی شەریفانە لە نێوان کۆمپانیاکان؟ ئایا ئەم دەستەیە بەراستی بێ لایەنە؟ بۆچی ئەم هەموو مەرجە زاڵمانە و تەعجیزییە دەسەپێنێتە سەر کۆمپانیایەکی کوردستانی وەکو کۆڕەك و کۆمپانیای تری لەسەردا زاڵ دەکات، لەجیاتی ئەوەی هانیان بدات بۆ باشتر کردنی پەیوەندییەکان لە کوردستان و بنیاتنانەوەی تەکنەلۆژیای تازە لە عێراق و کوردستان بە پشت بەستن بە کادیرە ناوخۆییەکان.

لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین کە کۆمپانیای کۆڕەك کۆمپانیایەك سەداسەد کوردستانییە و هیچ کاتێك ئامێری نرخ هەرزانی بە کار نەهێناوە بەڵکو هەموو ئامێرەکانی لە کۆمپانیای ئەریکسۆنی سویدییەوەن کە کۆمپانیایەکی جیهانی بە ناوبانگە لە بواری گەیاندن و مۆبایل، چونکە کۆمپانیاکەمان بڕوایەکی بەتینی هەیە بو دروست کردنی تۆڕی گەیاندن لەسەر بناغەیەکی بەهێز وێڕای گرانیی نرخەکانیان. هەروەها کۆمپانیاکەمان پارەیەکی زۆری سەرف کرد بۆ ڕاهێنانی

ئەندازیارانی لە باشترین سەنتەرەکانی کۆمپانیای ئەریکسۆن سویدی بە بڕوایەکی بەتین بە داهاتووی کوردستان لە رووی تەکنەلۆژیای گەیاندن.

لە لایەنی ئابووریشەوە لەسەر ئاستی عێراق و جیهان نرخەکانی کۆڕەك هەرزانترین نرخن چونکە بەهای یەك خولەك قسە کردن لە کۆمپانیاکانی مۆبایل لە عێراق 9 سەنتە کە چی لە کۆڕەك6 سەنتە هیچ کاتێکیش تا ئیستا ئابوونەی مانگانەمان لە بەشداربووان وەرنەگرتووە و وادەی تەواو بوونی بەشدار بوونمان نییە، ئێمە لێرەدا دان بەوە دادەنێن کە چەند گرفتێکمان هەیە لە تۆڕەکەمان بە هۆی زۆریی ژمارەی بەشداربووان بە شێوەیەك کە فریای فراوانکردنی تۆڕەکەمان ناکەوین بەپێی زیاد بوونی داواکاری لەسەر هێلەکانمان، هەر چەندە ئێمە هیچ درێخیمان نەکردووە، بو نمونە بەشدار بووانی تۆڕەکەمان لە ماوەی 10 مانگ لە 15000 بۆ 300000 زیاد بوون. وێڕای گرفتی پچڕانی کارەباو سروشتی شاخاویی کوردستان و کەمیی ژمارەی کادیری هونەری کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی دانانی وێستگەکانمان.

وێڕای ئەو زەحمەتیانەش ئێمە بەلێنتان پێدەدەین کە بەردەوامین لە پێشکەوتن و خزمەتی هاوولاتیان بەشەو بە رۆژ بۆ ئەوەی لە جێگەی رەزامەندی و متمانەی ئێوە دابین و ئێمە لە گەڵتانین و تەحدای هەموو بریارێکی ناعادیلانە بدەین و لێرەدا دەمانەوێ پلانەکانی داهاتوومان بە ئێوە رابگەیەنین:-

1- فراوانی تۆڕی کۆڕەك بۆ ئەوەی هەموو ناوچەکانی تری کوردستانیش بگرێتەوە.

2- پەلە کردن لە دانانی وێستگەکان لە نێو شارە سەرەکییەکان بۆ پەلە کردن لە دابەشکردنی هێلەکان بۆ هاوولاتیان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی چاوەرێکردن.

3- زیاد کردنی خزمەتی GPRS – ED CH واتە ئینتەرنێتی خێرا و ناردنی MMS ((وێنەی رەنگاو رەنگ بە مۆبایل)).

4- زیاد کردنی خزمەتی USSD ، واتە زیادکردنی بلانسی حسابەکەت و زانینی ماوەی حسابەکەت، ئەمەش لە رێگای نامەی SMS.

5- زیاد کردنی SMS-INT واتە نامەی کورتی نێوەدەوڵەتی.

لە کۆتاییشدا دەڵێین ئێمە بڕوامان بە سەروەری یاسا هەیە و دەسەلاتی دادوەریش مەرجەعی هەموو ناکۆکییەکە و کەسیش ناتوانێ ناوبانگی کۆمپانیایەك تێك بدات کە بە کارایی ناسراو بێت لە پێشکەش کردنی خزمەتی وەکو کۆمپانیای کۆڕەك، هەروەها سوپاسگوزاری خۆمان پێشکەش بە بەشدار بووانی کۆڕەك دەکەین بە هۆی ئەو متمانەیەی کە بە ئێمە هەیانە و وەستانیان لەگەڵمان بە هەموو بارەکان.